# باکووری
# پەروەردەکار و ڕچەشکێن لە ئاواز و ستران

نایف محەمەد ئەحمەد

(١- ٢)

مامۆستای پەروەردەکار و هونەرمەندی ناوداری کوردستان ئەندریۆس ئیسرائیل خەمۆ ناسراو بە (باکووری)، لەڕێککەوتی (١٩٢٨/١١/٥) لە شاری کۆیە لەدایک بووە و لە (٢٠٢٢/١١/٢) لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە، ڕۆژی دواتر، واتە ٢٠٢٢/١١/٣ لە گۆڕستانی برا کریستیانەکانی عەینکاوە لە ڕێوڕەسمێکی شکۆدار گیانی پاکی بەخاک سپێردرا. هەزاران دروود بۆ گیانی پاکی ئەو هونەرمەند و ڕۆڵە پاک و بەئەمەکەی هەموو ژیان و شیانی هونەری و پەروەردەیی خۆی بە کۆمەڵگەی کورد و هاونیشتمانیانی کوردستان بەخشی، بە کورد و ئاشووری و کلدان و تەواوی پێکهاتەکان لە هەردوو بواری پەروەردە و هونەری موزیک و گۆرانیدا. بەو خزمەتەی مێژوویەکی پڕ لە شانازی بۆ پێکەوە ژیان و کولتووره جیاواز و هەمەڕەنگەکەی کوردستان تۆمارکرد.

پێمان وایە نووسین و قسەکردن لەو مێژووە دووردرێژەی کاروانی هونەری و پەروەردەیی مامۆستا (باکووری) کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەو هەموو خەرمان و خزمەتەی مامۆستا باکووری لە هەردوو بواری پەروەردە و فێرکردن و سالآنی دووردرێژ لە خزمەتکردن و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لە بووژانەوەی هونەر و کولتوور بە گشتی و موزیک و گۆرانی بە تایبەتی لە ناوەڕاستی چلەکان و سەرەتای پەنجاکانی سەدەی ڕابوردوو لە شاری کەرکووک و کۆیە و هەولێر و پەنجا و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو، لە ئێزگەی کوردی بەغدا تا تۆمارکردنی دەیان ئاواز و میلۆدی ناسکی هونەری بۆ ئێزگەی کوردیی بەغدا، لەپاڵ پۆلێک لە هونەرمەندانی پێشەنگ و ڕچەشکێنی ئەو ڕۆژگارەدا. بەرهەمە هونەرییەکانی هەنگاوێکی هونەریی گەورە و پیرۆز بووە، بەتایبەتی بۆ ئەو گۆرانیبێژانەی دەکەونە چوارچێوەی پۆلێنکردنی هونەری گۆرانی و ئاوازی تازەی داهێنراو لەو ماوە زەمەنییەدا.

وەک سەرچاوە مێژووییەکان بۆمانیان ساغ کردووەتەوە، پێش دامەزراندن و پەخشی ڕادیۆ لە عێراق، بە هاتنی کۆمپانیاکانی قەوان و تۆمارکردنی دەنگی گۆرانیبێژان لە وڵاتانی ناوچەکە، لە سەرەتای سەدەی بیست و ساڵانی بیست و سییەکانی ئەو سەدەیە، کۆمەڵێک دەنگخۆش و گۆرانیبێژ لە باشوور و باکوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەو دەرفەتەیان بۆ ڕەخسا بەرهەمەکانیان لەسەر قەوان تۆمار بکەن و دەنگ و سەدا و هونەرەکەیان بە شار و شارۆچکە و لادێکانی کوردستاندا بڵاو ببێتەوە، دیارترینیان ئەو هونەرمەندانە بوون: (حەمدییە فەندی، عەلی مەردان، سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، دایکی جەمال، مەلا کەریم، کاوێس ئاغا، مریەم خان، سەعید ئاغای جزیری، حەسەن جەزراوی، ئەڵماس خان، محەمەد عارف جەزراوی و تاد..).

دەستپێکی ڕادیۆی بەغدا (١ – ٧- ١٩٣٦) ماوەی پەخشی کورت بووە و تەنیا بە زمانی عەرەبی بووە، ساڵی (١٩٣٩) پەخشی کوردی کراوەتەوە و سەرەتا تۆمارکردن نەبووە، سوودیان لە قەوان و تۆمارکراوەکان بینیوە، یان لە ڕێگەی ئاهەنگ و پەخشی ڕاستەوخۆوە گۆرانیبێژان بەشدارییان کردووە.. پێویست بەوە دەکات لێرەدا ئاماژە بەوە بکەین هەندێک لەو گۆرانیبێژانەی بەرهەمەکانیان تەنیا لەسەر قەوان تۆمارکراون، مەرج نییە بەشدارییان لەو ئاهەنگە ڕاستەوخۆیانەی سەرەتاکانی دەستپێکی پەخشی ڕادیۆی کوردی کردبێت، بۆیەش لە نووسینەوە و تۆمارکردنی ئەو مێژووەدا پێویستمان بە هەڵوەستەی ورد و پشوویەکی درێژتر و دەرفەتی زیاتر دەبێت.

دەتوانین بڵێین پۆلێ لە گۆرانیبێژانی



**باکووری**

پێشەنگی سەر قەوان و گۆرانیبێژانی سەردەمی پەخشی ڕاستەوخۆ، کە دیارترینیان ئەم گۆرانیبێژە ناودارانەن: (عەلی مەردان، حەسەن جەزراوی، حەسەن زیرەک، فەوزییە محەمەد، مریەم خان، تایەر تۆفیق، ڕەسووڵ گەردی، مەحموود محەمەد، ڕەمەزان جەزراوی، ئەحمەد مەحموود، مەحموود وەندی، ڕەفیق چالاک، شەماڵ سائیب، باکووری، گوڵبەهار، نەسرین شێروان) لەنێوان ئەو دوو پۆلە گۆرانیبێژ و مەقامبێژ و لاوکبێژی ناودار و بەئەزموون هەن، لە هەردوو پۆلێنەکەدا هەم گۆرانیبێژی سەر قەوان و هەم بەشداربووی ئاهەنگە ڕاستەخۆکانی دەستپێکی ئێزگەی کوردی هەیە لە بەغدا، لەنێوان ساڵانی (١٩٤٢ – ١٩٤٦)، ئەوانە گۆرانیبێژەکانن: (عەلی مەردان، حەسەن جەزراوی، ئەڵماس محەمەد، تاهیر تۆفیق، فەوزییە محەممەد) (١). لەگەڵ ئەوەدا زۆربەی گۆرانیبێژانی بەرنامە ڕاستەوخۆکان لەگەڵ

سەرهەڵدان و ئامرازەکانی تازەی تۆمارکردن لەسەرەتا و ناوەڕاستی چلەکان و سەرەتای پەنجاکان بەدواوە لەو ئێزگەیەدا دەستیان بە تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان کرد.

دڵنیام ئەو پێشەکی و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی مێژوو لە هەڵە و کێماسی بەدەر نین، بۆیە لێرەوە داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر لەو بارەیەوە شتێکمان بەسەردا تێپەڕبێت. ئەو کورتەباس و سەردێڕە مێژوویەشم بە پەسەند زانی بۆ ئەوەی بە ئەسپایی دۆخ و وێنا گشتییەکەی ئەو سەردەمە وەبیر هەموو لایەک بهێنینەوە، بەتایبەتی بۆ ئەو قوتابی و خوێندکارە بەڕێزانەی کە ڕەنگە وەک پێویست بەو لاپەڕانەی دیرۆکی گۆرانی و سترانی کوردیمان ئاشنا نەبن، لەلایەکی دیکەشەوە درک بە ئەرکی قورس و باری سەرشانی ئەو بەهرەدار و خاوەن خەونانە بکەن کە لەو ڕۆژگارە سەخت و کەم دەرفەرتەدا عاشق بە جوانی و داهێنانی پەیڤ و سترانی تازەی هونەری بوون، بەهرەمەندانێک لە ژێر کاریگەری و پالەپەستۆی دوولایەنەی خەون و خولیاکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی هونەری میللەتەکەیان لەلایەک و خۆدەربازکردن لە کاریگەری ئەو تەوژم و شەپۆلەی ستران و ئاوازی عەرەبی بەگشتی و ئەستێرەکانی جیهانی عەرەبی لەلایەکی دیکەوە، کە لە ڕێگەی ئێزگە و شاشەکانی سینەماوە بە درێژایی سالانی (سییەکان و چلەکان و پەنجاکان و شستەکان)ی سەدەی ڕابوردوو هەموو پایتەختە عەرەبییەکان و شار و شارۆچکەکان و کۆمەڵگەی عەرەبی تەنیبووەوە، لە ناویشیاندا بازێر و لادێ و گوێگری کوردیش بەگشتی و دانیشتوانی شارەکان و هونەرمەندانی بواری گۆرانی و موزیکیش بەتایبەتی، لە هەموو لایەکەوە بەچڕی کەوتبوونە ژێر کاریگەری ئەو تەوژمە هونەرییەوە.

ئەو تۆمارە هونەری و مێژووییەی بۆ ئێمەمانان و توێژەرانی بواری گۆرانی و موزیکی کوردی ماوەتەوە، سەرچاوەیەکی ڕوون و زوڵاڵن بۆ چنینەوەی بەرهەم و هیلاکی ئەو هونەرمەندانەی لەو سەردەمەدا توانیویانە لە نێوان ئەو دوو هاوکێشە قورسەدا وەک مۆمی داگیرساو بسووتێن، بۆ دۆزینەوەی ڕێگا ڕاستودروستەکە، بۆ خۆیان و نەوەکانی دوای خۆیان و بە سوود وەرگرتن لە دەنگ و توانایی و مۆرکی هونەریی نەوەی قەوان و ئەو دەنگبێژانەی لە هەموو جوگرافیای کوردستان بۆ تۆمارکردنی بەرهەمەکانیان ڕوویان دەکردە ئێزگەی بەغدا.

ڕەنگە لەسەرەتاوە تا کۆتایی ئەو ئاراستەیە لە داهێنان و گەڕان بەدوای ئاواز و گۆرانی تازەداهێنراودا ژمارەیەک ناوی گۆرانیبێژ و بەهرەی هونەری هەبووبن، بۆیەش (ئەو مێژووە پێویستی بە توێژینەوەی تایبەت و ورد هەیە)، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە لەناو ئەو ئاراستەیەدا دوو بەهرەمەند و خوێندەوار و خەمخۆر بۆ ستران و ئاوازی تازە بۆ گوێگرانی کورد بوون بە مۆم و مەشخەڵە دیار و ڕووناکەکەی ئەو کاروانە، ئەوانیش هەریەک لە (شەمال سائیب) و مامۆستا و هونەرمەندی پەروەردەکار (باکووری) ین. دەتوانین بڵێین ئەو دوو هونەرمەندە بوون بە پێشەنگ و سەردەستەی ژان و تەکانی ڕەوتی گۆرانی و ئاوازی تازەی کوردی لە باشووری کوردستان لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی ڕابوردوو تا کۆتایی سالانی شەست و سەرەتای حەفتاکان، لەپاڵ ژمارەیەک گۆرانیبێژ لە جوگرافیا و شار و شوێنی دیکەی جیاوازی کوردستان دۆخ و ڕەوتێکی تازەیان خستە ناو ئاواز و سترانی هونەری کوردییەوە.

ئاواز و سترانەکانی ئەو دوو گۆرانیبێژە زیاتر لەوانی دیکە لە ناوەندی گۆرانی و سترانی کوردی ساڵانی پەنجا و شەستەکان و دواتر لەلایەن بیسەران و هەوادارانەوە پێشوازی لە ئاواز و کارە هونەرییەکانیان کراوە و بەرهەمە هونەرییەکانیان دەنگیان داوەتەوە و لە ڕووبەرێکی بەرفراوانتر لەلایەن ئارەزوومەندان و خودی هونەرکارانی پیشەمەندەوە پێشوازییان لێ کراوە. ژمارەیەک لە ئاواز و گۆرانییەکانی ئەو دوو هونەرمەندە جوانە بوون بە وێردی سەرزاران و لە ئاهەنگ و بۆنەکاندا داوا دەکران و دەگوتران و دەگوترانەوە، دواجار بۆ ساڵانێکی زۆر تا بە ئەمڕۆ دەگات ئەو گۆرانی و ئاوازانەیان بوون بە بەشێک لە چێژ و زەقی کوردەواری و فەرهەنگ و سامانی ستران و گۆرانیمان.

دەمێک ساڵە ژن و پیاو، گەنج و پیری کوردەواری لەپاڵ پۆشینی جلوبەرگی ئاڵ و والاوە، پڕ بەدەنگ بەیەکەوە ستران و ئاوازە خۆشەکانیان بەبێ پرۆڤە و ڕاهێنان بەدەم چەپڵەلێدان و شاییە کوردەوارییەکانەوە لە سەیران و بۆنەکان دەکەینە وێردی سەرزاران و ڕایەڵەی هاوسۆزی و هاوزمان و یەک دەنگی و یەک ڕەنگیمان. ئەو تابلۆ هونەرییە خۆڕسکە بە شەونخوونی ساڵانی دوورودرێژ و ئاوێتەبوونی لەگەڵ پاشخانی فەرهەنگی و کولتووری لەمێژینە هاتووەتە کایەوە، ڕێزگرتن و بەهەند وەرگرتنیان ئەرکێکی مرۆیی و نیشتمانی و نەتەوەییە، هەرچەند شەماڵ سائیب چەند ساڵێک پێش مامۆستا باکووری دەستی بەکاری هونەری و ئاوازدانان کردووە، بەڵام کۆمەڵێک سیما و خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردووکیاندا بەدی دەکرێت، مامۆستا (باکووری لە چەند شوێنێک لە کتێبە چاپکراوەکانیدا) باسی پێوەندیی هونەریی نێوان خۆی و هونەرمەند شەمال سائیب دەکات، باسی ئەو سەردەمە و هەندێک خاڵی هاوبەشی نێوانیان دەکات. م. باکووری دەڵێت: (هەر لە ئێزگە، لەلای خوالێخۆشبوو کامیل کاکەمین لەگەڵ شەماڵ یەکترمان ناسی، ئیتر لەوێوە بووین بە هاوڕێی دڵسۆزی یەکتر، هەردووکمان گەنج، عوود ژەن، گۆرانیبێژ، قوتابی کۆلێج، هۆگری ئاوازی نوێ بۆ گۆرانی کوردی... ئەم سیفەتانە کە لە هەردووکماندا هەبوون، بە هۆیانەوە زۆر نزیکی ڕووح بە ڕووحی یەکتربووین) (٢).

## مامۆستا باکووری و دانانی ئاواز

لە دەستنووسێکدا بە دەستی خۆی و بە زمانی عەرەبی م. باکووری کورتەیەک لە ژیاننامەی هونەریی خۆی نووسیوەتەوە، لەو نووسینەدا دەڵێت زیاتر لە (٦٠) شەست ئاوازی تۆمارکراوم هەیە (٣). نازانم مەبەستی هەموو گۆرانییەکانیەتی، یان تەنیا گۆرانییە کوردییەکان؟ چونکە مامۆستا باکووری بە زمانی ئاشووری هەندێک گۆرانی تۆمارکراوی دیکەشی هەیە ؟

یەکێک لە خووە جوانەکانی م. باکووری سەرڕاستی و ڕاستگۆیی بوو، لەو ساڵانەی دوایی چەندان جار لە دانیشتن و گفتوگۆکانمان لە (بنکەی مەقام) بە ئامادەبوونی هونەرمەندان، بەزاری خۆی بەبێ ئەوەی هەست بە نیگەرانی و ناڕەحەتییەک بکات، دەیگێڕایەوە کە چۆن مامۆستا عەلی مەردانی مەقامزانی ناودار لە دەستپێکی کاروانی هونەریدا پێی گوتووە (دەنگت بۆ وتنی مەقام چڕین ناشێت)، بۆ وتنی بەستە و ئاوازی سووک گونجاوە.

کاتێک برای بەڕێزم نووسەر و ڕۆژنامەنووس

ئازاد عەبدولواحید سەرنووسەری گۆڤاری (ڕامان) نووسینی بابەتێکی سەبارەت بە م. باکووری بۆ پێشنیار کردم، ڕاستییەکەی هەم دڵخۆشبووم، هەم ناڕەحەت، دڵخۆش بووم چونکە داواکارییەکە لە سەرنووسەری گۆڤارێکەوە بوو کە بۆ هەموو لایەک مایەی شانازییە نووسین و بابەتەکانی لەو گۆڤارە سەنگینەدا بڵاوبکرێنەوە، مایەی ناڕەحەتیشم بوو، لەبەر ئەوەی قورس بوو لەمەڕ هونەر و توانایی م. باکووری و ئەو مێژووە دوورودرێژە بتوانم نووسین و بابەتێکی شایستە بە هونەری ئەو هونەرمەندە جیاواز و ناوازەیەی کوردستان و مێژووی موزیکی کوردیمان بنووسم، بۆیەش لەئان و ساتی نزیکبوونەوەی بیرەوەری چلەی مامۆستا یەک دوو جار بابەتەکە لە پێوەندیی تەلەفۆنی نێوانماندا تازە دەکرایەوە، زانیم دواکارییەکە جیددییە و بووە بە ئەرک و دەبێت شانی بدەمە بەر و بینووسم، دواتر پیشنیازم بۆ کرد کە بابەتی نووسینەکە لەمەڕ توانایی هونەریی خوێندنەوەی چەند لایەنێکی هونەری و هەڵسەنگاندن دەبێت بۆ یەکێک لەو گۆرانییە تایبەت و هونەرییانەی مامۆستا باکووری، کە یەکێکە لە بەرهەمە جوان و ئاوازە هونەرییە ناوازەکانی م. باکووری، کە ئەویش گۆرانی (چاوەڕوانی)یە.

ئەو گۆرانییە هۆنراوە و ئاوازی مامۆستا (باکووری)یە، کە بەو دێڕە دەست پێ دەکات:

**ڕۆژئاوا بوو مانگ هەڵهات یاری من بۆچی نەهات؟**

لە شوێنێکی دیکەش لە تایتڵی ئەو گۆرانییە نووسراوە (یاری درۆزن).

ناومان لە گۆرانییەکە ناوە (چاوەڕوانی) لەبەر ئەوەی پێشتر ناوونیشانی نەبوو، تەنانەت لە ئەلبوومی یادگارییەکانی (م. باکووری)ش کە ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد لە تراکی شەشەمی یەکەم سیدی بڵاویان کردووەتەوە، نووسراوە گۆرانی (ڕۆژئاوابوو، مانگ هەڵهات) (٤).

پێش ئەوەی باسی هەندێک بابەتی پەیوەست بە پێوەندی نێوان دەقی شیعر و ئاواز و جیهانی ئاوازدانەر بکەین، کورتەی چیرۆکی ئەو گۆرانییەتان بۆ دەگێڕمەوە:

ساڵی (٢٠١٢) لەگەڵ مامۆستا لە (بنکەی مەقام) دانیشتبووین، مامۆستا فەرمووی لەو ڕۆژانە ستافێک لە ئنستیتیوتی کەلەپووری کورد، لە سلێمانی سەردانمان دەکەن، بۆ هەندێک دیمانە و وێنەی ئەرشیڤی بەنیازن لە شاری کۆیە ڕێزلێنانم بۆ بکەن. پێم گوت دەستیان خۆش بێت، هەرچی پێویست بوو لە خزمەتیان دەبین. مامۆستا فەرمووی ئەوان ئیشی خۆیان دەکەن، ئێمەش دەتوانین دوو سێ لە بەرهەمە کۆنەکانی خۆم ئامادە بکەین. مەبەستی ئەوە بوو چەند ژەنیارێک بۆ ڕۆژی ڕێزلێنانەکە لە شاری کۆیە لەگەڵی بەشدار بن. منیش پێم گوت گۆرانییەکانی خۆتت لەسەر کاسێت هەیە، ئەوانەی لە ئێزگەی بەغدا تۆمارت کردوون؟ فەرمووی بەڵێ. گوتم دەتوانی ئەو جارە کە هاتییەوە یەکێک لەو کاسێتانەم بۆ بێنی؟ دیارە هەموو لایەکمان زۆربەی گۆرانییە باوەکانی (م. باکووری)مان بیستووە و ئەزبەرکردووە، بەڵام لەو کاسێتەی بۆی هێنابووم، تەنیا یەک گۆرانیم پێشتر نەبیستبوو، ئەویش گۆرانی (یاری درۆزن، یان چاوەڕوانی) بوو، کە لە پەیژەی مەقامی کوردە و کێش و ڕیتمەکەشی جۆرجینەیە. دوای ئەوەی بەهەمان پێشەکی کە لەگەڵ تیپی موزیکی

ئێزگەی ئەوکاتی بەغدا تۆماری کردبوو، لەگەڵ برادەرانی موزیکژەن لە بنکەی مەقام پرۆڤەمان کرد، لە ڕۆژی ڕێزلێنانەکەش لە هۆڵی زانکۆی کۆیە لە بەردەم ئامادەبووان و هونەرمەندان و هونەردۆستانی تامەزرۆی هونەر، بە ئامادەبوونی هونەرمەندی ناودار مەزهەری خالقی خاوەن ڕێزلێنانەکە، ئەو گۆرانییە و یەک دوو لە ئاوازەکانی خۆی بە سەرکەوتوویی ئەدا کرد و بووە مایەی ڕەزامەندی ئامادەبووان.

دوای ئەو ڕێزلێنانەی شاری کۆیە، ئەو گۆرانییە بووە یەکێک لەو گۆرانییانەی بەردەوام لەلایەن هونەرمەندانی موزیکژەن و گۆرانیبێژان دەگوترایەوە، ساڵانی دواتریش لە هەموو ئاهەنگ و سەیران و دیدارەکان داوای لێ دەکرا ئەو گۆرانییەیان بۆ بڵێت، تەنانەت یەک دوو ساڵ دواتر گرووپی موزیکی (هاوڕێیانی ئارامی ڕوح) لە شاری کۆیە لە یەکێک لە کۆنسێرتەکانیان لە شاری کۆیە (م. باکووری)یان بۆ وتنی ئەو گۆرانییە بانگهێشت کرد و ڕێزیان لێ نا.

پێش کۆچکردنی، لەو ساڵانەی دواییدا چەند جارێک لەکاتی وتنەوەی ئەو گۆرانییە لە دانیشتنەکانمان م. باکووری بە ئامادەبوونی هونەرمەندی گۆرانیبێژ (سەلاح محەمەد کۆیی) دەیگوت (بەخوا کاک نایف پاش ئەو هەموو ساڵانە لە تۆمارکردنی، ئەتوو بوویە هۆکاری ئەوەی ئەو گۆرانییە دووبارە و بەو شێوەیە زیندوو ببێتەوە و بکەوێتەوە سەر زاران).

ڕاستییەکەی نهێنی و هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ئاواز و دەقی هۆنراوەکە ئەوەندە جوان لەگەڵ ڕیتمی ناوەوە و دەرەوەی ئاوازەکە ئاوێتەی یەکتر بوون، لە چوارچێوەی پەیژە ڕۆژهەڵاتییەکەی مەقامی (کورد)دا بووەتە ئاواز و میلۆدییەکی هونەری و هەمیشە زیندوو، بۆیەش بەچەند جار دووبارە گوێگرتن و بیستنەوەی ئاواز و هۆنراوەکە هەست دەکەیت شەرعیەتی ئاوازێکی سەرکەوتووی هونەری و پڕ لە چێژی هونەری لەدایک بووە.

ئەو میلۆدی و بەرهەمە هونەرییانەش بەدەر لە زەمەن و کات، تا گوێگری خودان سەلیقە و هەستی جوان مابێت بۆ بیستنیان، هەر بە زیندوویی دەمێننەوە.

چەندان سەدە بەر لە ئێستا، لە ناوەندی ئەدەب و مەعریفە و فەلسەفەی جوانیدا، لە زۆر ڕەهەندی جیاجیاوە باس لەو جەدەل و پێوەندییە ئەزەلییەی نێوان شیعر و موزیک و دەنگ و هونەرە جوانەکان بەگشتی کراوە.

(بهاراتا)ی گەورە پێشەنگی نووسین لەبواری هونەرە جوانەکان لە سەدەی دووەمی پێش زایین، چیرۆکی ئەو میرە دەسەڵاتدارەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کاتێک ویستوویەتی پەیکەر بۆ خوداکان دروست بکات، چووە بۆ لای حەکیم و زانا بۆ ئەوەی لەو بارەیەوە ڕاوێژی پێ بکات:

(حەکیمی زاناش پێی وتووە: بۆ ئەوەی فێری بنەماکانی هونەری (پەیکەر و هەڵکۆڵین) ببیت، پێویستە خۆت فێری بنەماکانی وێنەکێشان بکەیت.

میر وتی: کەواتە فێری بنەماکانی وێنە کێشانم بکە.

حەکیم وەڵامی دایەوە: تا فێری بنەماکانی سەماکردن نەبیت، ناتوانیت فێری بنەماکانی وێنەکێشان ببیت!

میر وتی: بنەماکانی سەماکردنم نیشان بدە!

حەکیمی شارەزا وتی: ئەوە کاریکی قورس و ئەستەمە تا فێری بنەماکانی موزیکی ئامێرەکان نەبیت، ناتوانیت فێری ئەوە بیت.

لێرەدا میر بەدەم ئازارەوە بەپەلە وتی:

ئـەی بۆچـی موزیکـی ئامێرانـم فێـر ناکەیـت؟ حەکیمـی شـارەزا وەڵامـی دایـەوە: بـەڵام تـا بـە دروسـتی بەدواداچـوون بـۆ موزیکـی دەنگەکانـی مـرۆڤ نەکەیت و هەرسیان نەکەیت، لـە موزیکـی ئامێرەکانـی موزیـک ناگەیـت، لەبـەر ئـەوەی ئـەو موزیکـەی دەنگـی مرۆڤـەکان سـەرچاوەی هەمـوو هونەرەکانـە). (٥)

سـەبارەت بـە پێوەنـدی نێـوان شیعر و موزیـک و ئاوازچڕینـەوە، هونەرمەنـد و هونـەرکاری کـورد و نووسـەران و توێژەرانمـان لێـرەو لـەوێ تێڕوانیـن و بۆچوونەکانـی خۆیـان لـە ڕەهەنـدی جیاجیـاوە خسـتووەتە ڕوو، بـەڵام ڕەنگـە زیاتـر بابەتـی ئاوازدانـان و مامەڵەکردنـی ئاوازدانـەر و گۆرانیبێـژی کـورد بووبێتـە تـەوەری سـەرەکی بەدواداچوونەکانیـان بـەو نیـازەی وەڵامێکیـان دەسـت بکەوێـت سـەبارەت بـەوەی لەکاتـی ئاوازدانانـدا چۆن مەمەڵـە لەگـەڵ دەق و هۆنـراوە دەکرێت! کـە ئایا شیعر هەڵدەبژێریـن و ئـاوازی بـۆ دادەنێیـن، یـان شـیعر بەبـاڵای ئاوازێکـدا دەبڕیـن؟ ئـەی ئاوازدانـەران چـۆن چۆنـی مامەڵـە لەگـەڵ شیعر و هۆنراوە دەکـەن و چۆن ئیقاع و پەیژەکان هەڵدەبژێرن؟ یـان کۆمەڵێـک پرسـیاری سـنووورداری لـەو شـێوەیە.

ئـەوەی ڕاسـتی بێـت لەکۆتایـی حەفتاکانـەوە تـا بـە ئەمـڕۆ دەگات وتووێـژ و ئەدەبیاتـی نێـوان ئاوازدانـەران و گۆرانیبێـژان و پەیامنێـر و ڕاگەیاندنـکاری کـوردی دەخوێنمـەوە، هەسـت دەکـەم لـەو سـنوورە بەرتەسـکەدا قەتیـس مـاوە و بـەدەوری خۆیـدا خولاوەتـەوە، هەسـتم بـە بوونـی دید و تێڕوانیـن و خویندنەوەیەکی قـووڵ و جیددی پەیوەست بەو پێوەندییە ئاڵـۆز و هەمە ڕایەڵانـەی نێـوان (شـیعر و موزیـک) نەکـردووە، ئـەوەش لـە کاتێکدایە لـەو چەنـد ساڵانەی دوایی کۆمەڵێـک کتێـب و سـەرچاوەی بەنـرخ لەمـەڕ ئـەو پێوەندییانـە چـاپ و بڵاوکرانـەوە، زۆر پێویسـتە هونەرمەنـدی ئاوازدانـەر و گۆرانیبێـژ و قوتابـی و خوێندکارەکانـی ماسـتەر و دوکتـۆرا هەڵوەسـتەیان لەسـەر بکـەن و بـۆ توێژینەوەکانیـان سـوودیان لـێ وەربگـرن، چونکـە گەوهـەر و سـەرچاوەی گرنگـن بـۆ قووڵبوونـەوە لـە پێوەندیـی نێـوان شـیعر و مانا و ئـاواز و تایبەتمەندییەکانی (بنیـادی شیعر و موزیـک) بـە گشـتی.

بەرلـەوەی بچینـە نـاو وردەکاریـی هونـەری ئـەو گۆرانییـەی م. باکـووری و تیشـک بخەینـە سـەر چەنـد لایەنێکـی پێکهاتـەی گۆرانییەکـە، دوور نییـە کۆمەڵێـک پرسـیار لـەلای خوێنەرانـی بەڕێـز و هونەمەنـدان بێنـە پێشـەوە وەک ئـەوەی بڵێیـن:

– ئایـا هونەرمەنـد باکـووری و هاوشـێوەکانی پێویسـتیان بەوەیـە شـیکاری و خوێندنـەوە بـۆ میلـۆدی و ئاوازەکانیـان بکرێـت؟

– ئایا لـە ڕێگـەی ئەو شیکاری و خوێندنەوەیەوە دەتوانیـن شـتێکی تـازە بچنینـەوە، سـوود بـە جیهانـی هونـەری دەنـگ و ئاوازەکانمان بگەیەنێت؟

– ئایـا دەکرێـت یـەک تاکـە گۆرانـی نـاوازە و سـەرکەتوو، بکرێتە پێوەر بۆ پێناس و سـەرکەوتوویی گۆرانیبێژێـک؟

پێمواپـە هەمـوو ئـەو پرسـیارانە و دەیانـی دیکـەش، زۆر ئاساییـن لەکاتـی خوێندنـەوە و دوای خوێندنـەوەی هـەر نووسـینێک بکرێـن، پێمانوایـە هەرکاتێـک دەرفەتـی وا بڕەخسـێت ئەرکـە بەپێـی توانایـی شـارەزایان و موزیکـزان و قەڵـەم بەدەسـتان، لـە ڕوانگـەی جیـاوازی بیروبۆچوونـی خۆیانـەوە لـە پێنـاو دەوڵەمەندکردنـی بابەتـە مەعریفی و زانستییەکانی پەیوەست بـە گۆرانی و موزیکی کوردییـەوە، قۆڵـی مەردانەی لـێ هەڵماڵن و ئـەو دەرفەتـە بقۆزنـەوە بـۆ دەوڵەمەندکـردن و

ساغکردنەوەی کاروانی دووردرێژی ستران و ئاوازی کوردی بە گشتی و گۆرانی و بەرهەمی هەموو ئەو هونەرمەندانەی جێ پەنجەیان لە کاروانی پڕ بەخششی ستران و ئاوازی کوردیمان بەتایبەتی دیارە.

هەروەک لەو پۆلێنبەندییەی سەرەتا باسمان کرد، لە دەستپێکی پەخشی ڕادیۆی کوردی کە ماوەکەی زۆر کەم بووە، ئاهەنگە ڕاستەوخۆکانی ڕادیۆ لەلایەن گۆرانیبێژانی پێشەنگی سەر قەوانەوە پڕکراونەتەوە، لەبەر نەبوونی ئامێری پێشکەوتووی تۆمارکردنیش بۆ هەموو بەشداربووان بەو شێوەیە بووە، دواتر لە سەرەتای پەنجاکان کە ماوەی پەخشی ڕادیۆ درێژ دەبێت، لەپاڵ ژمارەیەک لە گۆرانیبێژی ئەوکات (م. باکووری)ش وەک گۆرانیبێژێکی ئەندامی ئێزگە دەناسرێت و لە ڕۆژێکی هەفتەدا بە گۆرانییەک، یان دووان بە گۆرانییە کورتەکانی لەگەڵ گرووپی موزیکی ئێزگە، ڕاستەوخۆ گۆرانییەکانی خۆی پێشکەش دەکات، لەو بارەوە لە لاپەڕەکانی (٦٢ - ٧٢) کتێبەکەی خۆی (ئێزگە) (٦) دەڵێت: لە سەرەتای پەنجاکان کە من چوومە ئێزگە و بووم بە یەکێک لە کاروانی گۆرانیبێژان.... ساڵی ١٩٥٢ وەک ئەندامێکی چالاکی بواری هونەری گۆرانی لە ماوەی ئەو شەش حەوت ساڵە هەفتەی ڕۆژێک دەچووم و ئاهەنگێک لە دوو سێ گۆرانی، یان زیاترم چڕیوە و ڕاستەوخۆ بۆم بڵاوکراوەتەوە.. تاد.

## پێکهاتەی ئاواز و گۆرانی

ئەمانە بنەمای سەرەکی هەموو میلۆدی و ئاوازێکن کە بە گۆرانی و ستران ناسراوە: (شیعر، ئاواز، کێش و ئیقاع، سکێڵی موزیکی، هارمۆنی و گونجاندن). هەریەک لەو بنەمایانە بەرکەوتەی ڕاستەوخۆیان دەبێت لەگەڵ پاشخانی مەعریفی و پرسی کۆمەڵایەتی و تێڕوانینی ئاوازدانەر، سەبارەت بە ژیان و دەوروبەرەکەی لە پرۆسەی خوڵقاندنی ئاوازدا، پێش ئەوەی فۆرمەڵە ببێت و شێوە کۆتاییەکەی وەربگرێت و بچێتە قۆناغی ژەنین و چڕین و تۆمارکردنەوە. ئەرکە سەرەکییەکەی ئەو قۆناغە داینەمۆکەی ئەو هەستە هونەری و تواناییە شاراوەیە کە لە دەرئەنجامی ئەزموون لەلای ئاوازدانەر کەڵەکەی کردووە، بە تایبەتیش دانانی ئاوازێکی هونەری بۆ پەیام و شیعرێکی تازە، پاش ئەوە قۆناغی تۆمارکردن و ئەداکردنی ستران و ئاوازەکە دێت، لەپاڵ هەموو ئەو کەرەستە و پێداویستییانەی جێبەجێکردنی کارە هونەرییەکە.

ڕاستییەکەی خودی ئاوازدانەران خۆیان باشترین ئەو کارەکتەرانەن، بتوانن ئاوازە تازە دانراوەکانیان بە شێوازێکی هونەریی جوان بچڕن، بە مەرجێک هەندێک شەونخوونی بکەن و ڕاهێنان لەسەر تواناییە دەنگییەکانی خۆیان بکەن. بەر لە هەردوو گۆرانیبێژان (شەماڵ سایب و م. باکووری) کۆمەڵێک هونەرمەندی گۆرانیبێژ و سترانبێژی پێشەنگ هاوکات لەپاڵ لاوک و حەیران و مەقام و شێوازە کوردییەکان لەسەر قەوان و ئێزگە، جگە لە گۆرانییە فۆلکلۆری و میللییەکان، هەوڵی ئەوەیان داوە بەسوود وەرگرتن لە ئاوازە فۆلکلۆرییەکان گۆرانی و (بەستە) لەدوای مەقام و لاوک و حەیرانەکانیان بچڕن، دەکرێت بڵێین نموونەی دیار و بەرچاو هەریەک لە خوالێخۆشبووان: (عەلی مەردان- وەک حاڵەتێکی تایبەت)، حەسەن جەزراوی، دایکی جەمال، مریەم خان، حەسەن زیرەک، محەمەد عارف جەزراوی، تایەر تۆفیق، ڕەسووڵ گەردی) بوون لە باشووری کوردستان. ڕەنگە دروست ئەو سەرەتا و دەستپێکەش بە هەوڵە سەرەتاییەکانی ئاواز و سترانی تازەی جیا لە ستران و ئاوازی فۆلکلۆری و فۆرم و شێوازی

وتنەكانی كوردەواری وەك: (لاوك و حەیران و بەیت و مەقامەكان) ناوزەد بكرێن، بەڵام ڕەنگرێژكردن و دامەزراندنی ئەو ڕەوتەی ئاوازی تازە دانراوی هونەری بە سیما و ڕوخساری هونەرە تازە و جیاوازەكەیەوە، بە پلەی یەكەم بۆ ئەو دوو كارەكتەرە دەگەڕێتەوە. ئەو ئاراستەیە لە دوای هونەرمەندان (شەماڵ سائیب و م. باكووری) نەوەستاوە و درێژەی هەبووە، ئەو دوو زاتە لەپاڵ كۆمەڵێك گۆرانیبێژ و ژەنیار و ئاوازدانەری كورد لەو ساڵانەدا لە ئێزگەی ڕادیۆی كوردی لە بەغدا، بەردەوام لەژێر كاریگەریی ئەستێرەكانی جیهانی عەرەبی و عێراقی نموونەی وەك (لەیلا موراد و ئەسمەهان و محەمەد عەبدولوەهاب و فەرید ئەترەش و عەبدولحەلیم و فەیرووز و نازم غەزالی و ئەوانی دیكە) لە هەوڵی ئەوەدا بوون خۆیان فێری ژەنینی ئامێری عوود بكەن و ئاواز و گۆرانییە تازەكانیان بۆ ئێزگە تۆمار بكەن و لە ئاهەنگەكاندا پێشكەش بە هەوادارانی بكەن). (٧)

ئەو گۆرانیبێژ و ژەنیار و ئاوازدانەرانەی كورد بەرهەمەكانیان و هەوڵ و شەونخوونییان مایەی ڕێز و پێزانینە و پێویستە لە توێژینەوە و بەدواداچوونی سەربەخۆدا هەڵوەستەیان لەسەر بكرێت، (هەرچەندە ئەو سەرەتایەی ئاواز و گۆرانی تازەدانراو لە باشووری كوردستان لە كاریگەری ئاواز و موزیكی عەرەبی بەگشتی و مۆركی هەندێك لە ئاوازەكانی ئەو گۆرانیبێژانەی جیهانی عەربی بەدەر نەبووە، كە ئاماژەمان پێیان دا). دواتر لە ناوەڕاستی شەستەكان و سەرەتای حەفتاكان بەدواوە، كۆمەڵێك گۆرانیبێژی دیكە لەشارەكانی باشووری كوردستان بە ئاواز و بەرهەمەكانیان درێژەیان بەو ڕەوتەی ئاوازی نوێیەی هونەری داوە، نزیك لە هەمان ڕێچكە، بەڵام بە هەناسە و دەست و پەنجە و گرووپی دیكەی موزیك و ئاوازدانەرانی تازەتر لەو مەیدانەدا. لەو قۆناغەشدا ژمارەیەك گۆرانیبێژ لە ڕێگەی ڕادیۆی كوردیی بەغدا و ئاهەنگ و بۆنەكانەوە دەركەوتن كە دیارترینیان خوالێخۆشبووان: (فوئاد ئەحمەد ١٩٣٢- ٢٠٠٤) (تەحسین تەها ١٩٤١ - ١٩٩٤) (محەمەد جەزا ١٩٤٩- ٢٠٠٦) بوون. ئەم هونەرمەندانە هەم ژمارەی بەرهەمەكانیان و هەم ستایل و شێوازی مامەڵە كردنیان لەگەڵ ژەنیاران و ئاوازدانەران و گرووپە موزیكییەكان، هەموو ئەوانە و هۆكارگەلێكی دیكەی ڕەوتی ژیان و هەڵوێستی سیاسییان و ئەو سروود و گۆرانییە نیشتمانییانەی كە پێی دەناسرانەوە، دروستر بڵێین لە ڕێگەی وابەستەبوونیان بە شۆڕشی ڕزگاریخوازی و بڵاوكردنەوەی سروود و گۆرانییەكانیان لە ڕادیۆی دەنگی كوردستان و بەشداریكردنیان لە ئاهەنگ و بۆنەكانی ڕێككەوتننامەی یازدەی ئازار و هەڵوێستەكانیان، لەلایەكی دیكەشەوە هاتنە پێشەوەی پەخشی تەلەفزیۆن هۆكارێكی دیكەبوو، هەموو ئەمانە بە یەكەوە بوونە هۆكاری ئەوەی بەرفراوانتر لە گۆرانیبێژانی دیكە، پێشوازی لە بەرهەم و كارە هونەرییەكانیان بكرێت.

بە داوای لێبوردنەوە ڕەنگە بەو چەند پەرەگرافە، بیرهێنانەوەی ئەو ڕەوتە مێژووییە، كەمێك لە ناوەرۆكی بابەتە سەرەكییەكەمان دووركەوتبینەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیاین شارەزا و دڵسۆزانێك هەن پێیانوایە ژمارەی ئەو هونەرمەندە گۆرانیبێژانەی دوای ساڵانی شەست و حەفتاكان گەلێك لەوە زیاترە كە ئێمە ئاماژەمان بە ناوەكانیان كردووە، دروست وایە، بەڵام ئەویان بابەتێكی سەربەخۆیە و دەكرێت لە نووسینەوەی مێژووی گۆرانیبێژانی

کوردستـــان و پۆلێنبەنـدی وەهــا هەوڵێـک لـە ئاییــندەدا دامــەزراوە هونەرییەکانمــان، خەمێـک لـەو ئەرکـە نیشـتمانییە بخورێـت.

بەرهەمێکـی هونــەری و ئــاواز و میلۆدییەکـی جوانی هونـەری چ سروودی نیشـتمانی بێت، یـان ئۆپەرێـت و گۆرانــی منـداڵان بێـت، یــان ئــاوازی پێشـەکی فیلـم و درامایـەک بێـت، یــان نــزاو پاڕانـەوەی ئایینی بێت، ئـەوەی دەبێتـە سـەرچاوە بـۆ بەرهەمهێنانــی کارێکـی هونەریــی چێژبەخـش و بـەردەوام، گوێگـر و هەوادارانـی هەسـتی جـوان بیسـتن و بینیـن بـۆ لای خـۆی ڕادەکێشـێت و لـە کارێکـی دیکـەی هونەریـی جیادەکاتـەوە، ئـەو دۆخـە تایبەتەیـە کـە کارە هونەرییەکـە بۆ وەرگـر و گوێگرانـی لەکاتـی بیسـتنی کارە هونەرییەکـەدا دەیخوڵقێنێت، بـەڵام هەمـوو وەرگـر و گوێگرێکیـش نـا، بەڵکوو ئەوانـەی بەپێـی ئەزمـوون و سـەلیقە، لـە ناسـینەوە و دەستنیشـانکردنی ئاسـتی بـەرزی چێـژ و جیهانبینـی و ناسـینەوەی فـۆرم و سـتایلە هونەرییــە بەرهەمهێنراوەکانــدا قاڵبوونەتــەوە و جیـاواز لـە خەڵکـی ئاسایی، لـە ئاستێکی بەرزتـر چێـژ لـە کارە هونەرییەکـە وەردەگـرن و بەپێوانـەی دوولایەنــەی زانســت و هەســتی هونەرییــەوە، هەڵوەســتە لەســەر کێـش و مەوداکانـی بەرهەمـە هونەرییــەکان دەکــەن، لــە هەمــوو ئاســتەکانی (سـکێڵ، ڕیتـم، ئـاواز، هارمۆنـی و گونجـان). بەپێوانــەی زانســتەکانی هونــەر و موزیـک لــە ســەردەمی ئەمــڕۆدا، کۆمەڵێـک پرسـی دیکـەش هاتوونەتــە پــاڵ ئــەو بنەمــا ســەرەکییانەی هەڵسـەنگاندن و شـیکاری کارێکـی هونەریـی سـەرکەوتوو، وا باشـترە ئـەو بابەتـە بـۆ نووسـین و کاتێکـی دیکـە جـێ بهێڵیـن.

**پەراوێز:**

**١- مێـژووی رادیـۆی کـوردی بەغـداد- کەمـال ڕەئـووف محەمــەد، ٢٠١٤، هەولێــر .**

**٢- گۆرانیبێـژە نەمرەکان - بەشـی یەکـەم، ٢٠٠١. دانانی باکووری.**

**٣- دوو لاپـەڕەی دەستنووسـی مامۆسـتا باکووری بە زمانی عەرەبی .**

**٤ - یادگارییەکانــی باکــووری - ئنسـتیتیوتی کەلەپــووری کــورد.**

**٥- فـوزی کریـم- الموسـیقی والشـعر- دار نـون، ٢٠١٥ .**

**٦- باکــووری - کتێبــی ئێزگــە، ســاڵی ٢٠٠٩، هەولێــر.**

**٧- گۆرانیبێـژە نەمـرەکان - بەشـی یەکـەم، ٢٠٠١. دانانی باکووری .**